کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-10-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دادوەری لە نێوان هەژێن گەرمیانی و جەبار شێخانیدا ... کاردۆ ئەحمەد**

دانیمارك
Kardo_ahmad333@yahoo. com

پێش هەموو شتێك سوپاسی برای بەڕێز و خۆشەویست كاك (عومەر فارس) دەكەم كە ماڵپەڕەكەی خستۆتە خزمەتی گەنجانی كورد و هەمومان بە ئازادانە دەتوانین ڕای خۆمان لەسەر هەموو ڕووداوێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دەربڕین.

دیارە خوێنەرانی (كوردستان نێت) ی ئازیز هەمووتان ئاگادارن كە ماوەیەكە لە نێوان كاك هەژێن گەرمیانی و كاك جەبار شێخانیدا كۆمەڵە دەمە قاڵێیەكی بچوك ڕوویداوە و سایتە خۆشەویستەكەی كاك عومەر فارس بووە بە سەكۆیەك بۆ ئاڵوگۆڕ كردنی بیروڕای نێوان ئەو دوو بەڕێزە..

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت تەنها ئەوەیە كە وەك دادوەرێك لە نێوان ئەو دوو بەڕێزەدا هەندێك قسەی خۆم بكەم بەو هیوایەی كە بە سنگێكی فراوانەوە لێم قبوڵ بكەن...

یەكەم:/ ماڵپەڕی جەبار شێخانی بە داخەوە یەكێكە لەو ماڵپەڕە كوردییانەی كە زۆرترین كەسی موراهیقی لە خۆی كۆكردۆتەوەو هیچ خزمەتێك ناكات چ بە بواری ڕۆژنامەنوسی كوردی چ بە ئەدەبیات و كلتوری كوردی.

دووەم:/ ئەم ماڵپەڕە ماڵپەڕێكە كە سیاسەتی ئیعلامی دیار نیە و ڕێك لە چێشتی مجەور دەچێت هەموو شتێك بڵاو دەكاتەوە.

سێهەم:/ بە داخەوە تا ئێستا نەمدیوە كە بابەتی نوسەرێكی جدی بڵاوبكەنەوە، تەنها كۆمەڵێك نوسەری سەرەتایی كە گوناهێكی گەورەیە بە نوسەر ناویان بهێنیت، لەم ماڵپەڕەدا شت بڵاودەكەنەوە.

چوارهەم:/ ئەو بابەتانەی كە لەم سایتەدا بڵاو دەبنەوە بەداخەوە هیچ ڕەبت و كۆنێكشنێك نابینم لە نێوانیاندا و بابەتەكانی زۆربەی بابەتی سایتەكانی ترەو جەبار شێخانی بە بێ هیچ ماندووبونێك لە سایتەكانی تر وەریدەگرێت و بێشەرمانە بڵاویدەكاتەوەو ئاماژە بە سایتەكانی تر نادات كە سەرچاوەی سەرەكی ئەو هەواڵانەن.

پێنجەم:/ هەموو ئەو چوار تێبینییەی پێشوو بەسەر ماڵپەڕە كۆمیدییەكەی لێزان بەرزنجیشدا تەتبیق دەكرێت و ئەویش یەكێكە لەو ماڵپەڕانەی كە هەوڵ دەدات خوێنەر و نوسەری موراهیق دروست بكات.

لە كۆتاییدا هیوادارم كە كاك لێزان و كاك جەبار واز لەم گاڵتەجاڕییە بهێنن و هۆشیان بێتەوە سەر خۆیان..

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز خۆشەویستیم بۆ خوێنەرانی (كوردستان نێت) ی ئازیز.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.